# سەباح تاهیر / کورد لە تەڵەی گفتوگۆی بەغدا

هەمیشە وتەیەکی باو هەیە کە دەڵێن کورد ئەوەی لەشاخەکانەوە بەدەستی دێنێت لەسەر مێزی گفتوگۆ دەیدۆڕێنێت. ئەوە بەو مانایە نایەت کورد لۆژیکی وتوێژو گفتوگۆ رەتکاتەوە؟ بەڵام دەبێت لەهونەری گفتوگۆدا ئاستی بەرزبکاتەوەو لەم بازنە کلاسیکیەی خۆی، خۆی دەرباز بکات.

لەدوای نیسانی دووهەزاروسێ، کورد هێندە بەنیازپاکی و بێگەردی، ساویلکەیی چ ناوێکی لێدەنێیت چوە بەغداوە وەك ئەوەی جارێکیتر ئەهریمەن لە بەغداوە جێگای نەمابێت و ئیتر لەگەڵ فریشتە مامەڵە بکات.

راستیەکەی وا دەرنەچوو، هەر چەندە من زۆرجار دێمە سەر ئەو باوەڕە کە دۆڕانمان لەبەغدا بەهۆکاری نەزانین نییە یاخود کەمتوانایی هونەری وتوێژ یاخود نەبوونی پشودرێژی، بەبەڵگەی ئەوەی لە نەوەدو هەشتەوە یەکێتی و پارتی رێکەوتنی ئاشتی لەنێوانیان هەیە بەمیانگیری ئەمەریکا کەچی تاوەکو ئێستا زۆر لە بڕگەکانی ئەم رێکەوتنە جێبەجێنەکراوە دوای زنجیرە دوورو درێژە دانیشتنەکانی نێوانیان کە بە زنجیرەی (گوادالوپێ) ئەژمێردرا. خۆ ئەگەر حسابی ئەو هەموو مۆزو سێوو میوەیانەی سەر مێزەکان بکەیت، ئەوا لەزۆر دەوڵەتی هەژار بەساڵێکیش ئەم قەبارە میوەیە بە عەلوەکانیان گوزەر ناکات. گفتوگۆی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان و حزبەکانی دەسەڵاتیش هەر لێگەڕێ.

کورد نابێت بەشداری هیچ دانیشتن و گفتوگۆیەك بکات کە پێشتر رێکەوتنی لەسەر کراوە، چونکە سازش لەوە زیاتر بەزیانی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی تەواو دەبێت. دەبێت لەوە زیاتر سازش بکەین شێوەی فیدڕالیەکەمان چی لێبێت یاخود مادەی (١٤٠) بەم شێوازەی ئێستا جێبەجێبکرێت، رەنگە زۆر شوێن هەیە لەدەستی بدەین چ جای سازشکردنی زیاتر. بۆ مەسەلەی نەوت و داهات و پێشمەرگەش هەروەها .چونکە پێموایە لە پێشدا سەرکردایەتی کورد حیسابی ئەوەی نەکردوە پەشیمان بونەوەو هەڵگەڕانەوە لەلایەنی بەرانبەر روودەدات.

بەم لۆژیکەی ئێستا کورد سازش بۆ عەرەبی سوننە لەلایەك و لەلایەکیتر بۆ عەرەبی شیعە بکات، زیانەکانی تەنانەت زیان بە پەزیش دەگەیەنێت، ئەگەر نەتوانین لەململانێی مێژوویی ئەوان سوود وەرنەگرین هیچ نەبێت با زەرەر نەکەین.

من نازانم پرۆژەی چاکسازی هاوپەیمانی شیعە مانای چییە؟ ئاخر چاکسازی لەچی؟ تۆ دەستورت هەیە رێکەوتنی سیاسی کۆمەڵایەتی نێوان عێراقیەکانە جێبەجێناکرێت، رێکەوتنی هەولێر رێکەوتنی لایەنە سیاسیەکانە، ژێر پێدەکرێت. چاکسازی بەمانای دارشتنی کارنامەیەکی تاك لایەنە لەلایەن شیعە دەبێت سوودی چیبێت؟!

ئەگەر قەرار بێت گفتوگۆ بکرێتەوە تەنها بەم لۆژیکە کورد قازانجی لێدەکات ئەوەی لەرابردوو کراوە بەدەستورەوە لانیکەم بێت بۆ مافەکانی کورد، هەر وتوێژێکیش تاوەکو سەقفی جیابونەوەی تێدابێت لە چەشنی رێکەوتنەکەی باشوری سودان، واتە وادە دانان بۆ ریفراندۆم لەسەر مانەوە یاخود بڕیاردان لەسەر مافی چارەی خۆنوسین، ئەو کات ئەو ماوەیە ئەزمونێك دەبێت بۆ ئەوەی عێراقی عەرەبی نیازپاکی خۆی نیشان بدات لەسەر ئەو یەکێتیە ئیختیارییەی دەیەوێت کورد لەگەڵ عێراقی عەرەبی بیکات.

ئەگەر نا دانیشتن لەگەڵ دەوڵەتی قانون و مالیکی تەنانەت هاوپەیمانی نیشتیمانی شیعەش جگە لەزیان هیچ سوودێکی تیا نابێت بەو لۆژیکەی گفتوگۆ لەسەر ئەوەی پێشتر لەسەری رێکەوتوین، چونکە دیارە ئەوان مەبەستی قازانجی زیاتریان هەیە، ئەگەرنا چ رێگرێك لە جێبەجێکردنی هەیە .خاڵێکیتری زۆر گرنگ هەیە، بەم دۆخەی ئێستا و بەردەوامی مالیکی و بەغدا لە سیاسەتە شۆڤینیەکانی بەرامبەر بە کورد و ناوچە دابڕاوەکان مەترسیەکی زۆر گەورە لەسەر کورد هەیە. بۆیە دەبێت کورد

**لەبەرامبەر هەر هەنگاوێکی تاك لایەنەی بەغدا دەستەوەسان نەوەستێت، سوننە ئاسا مامەڵە نەکات .سوننەی عەرەب بەم پشتیوانییە گەورەیە عەرەبیەو ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە هەیەتی ئەو هەموو زیانە دەکات و تەهمیش دەکرێت. گومانی تێدانییە کورد زیانەکانی کوشندە دەبن.**

**بۆیە دەبێت لەبەرامبەر هەر هەنگاوێکی سلبی وەڵامی وەك خۆی هەبێت، هەڕەشەکردن لە کۆمپانیاکانی نەوت لەهەرێم بە هەڕەشە نادەستوری و نایاسایی کۆمپانیا بیانییەکانی خواروو ناوەڕاست بێت. بەشە سوتەمەنی بڕینی کوردستان لەلایەن بەغدا بە نەوت بڕین لە نەوتی ڕۆیشتووی کەرکوك یۆمۆرتالیك بێت نەك تەنها بەهەناردەکردنی نەوتی هەرێم چما نەوتی کەرکوکیش نەوتی کوردستان نییە، ڕۆژانە پێنجسەدهەزار بەرمیل هەناردە دەکرێت. کەچی شەهرستانی منەتی نەوتی بەسرە بەسەر هەرێمی کوردستان دەکات .**

**ئەگەر بەغداش نەچێتە ژێر باری پێدانی هێزی پێشمەرگە بە تەواوی پێداویستیەکانی ، هەقە هەڕەشەی بەکارهێنانی کارتی بەهێز بکرێت کە کورد لەبەر دەستیەتی بۆ نمونە ئاو. دواتر هەرێمی کوردستان وەك هەر هەرێمێکیتر نییە کەلە ئایندە لەعێراق دێتە ئاراوە، هەرێمی ئێمە نە بەسرەیە نە ئەنبار نە دیالەو سەڵاحەدین ...تەنانەت هەرێمێکی سوننەی عەرەبیش نییە. هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە کە نەتەوەیەکی جیاوازەو خاك و ئاو و تەواوی رەگەزەکانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەیە، لە رابردوو بەزۆری زۆرداریو بەبێ ویستی خۆی بەعێراقی عەرەبیەوە لکێنراوە، جگە لەوەش رووبەرووی تاوانی جینۆسایدو بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی بۆتەوە.. کەچی بەغدا ئامادە نییە داوای لێبوردن لەگەڵی کوردستان بکات بە بیانووی بێ بنەما... ئەوە چ سیستەمێکی فیدڕالیە، ئەگەر نەتەوەی بەرانبەر رازی نەبێت تەنها دێڕێك بەزمانی کوردی لە سروودی نیشتیمانی(عێراقی)دا هەبێت.**

**کەواتە نەخێر بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەوانەی لەپێشتردا لەسەری رێکەوتین، چونکە ئەوە تەڵەی سازشکردنی زیاترمانە لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان.**

**<u>سەرچاوە: هەواڵ</u>**

**Friday, July 20, 2012**